گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 11, No. 3, pp. 714–723, Sept..-2023.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# فاکتەری ئابووری و کاریگەری لەسەر سیستەمی حوکمڕانی
## (میرنشینەکوردییەکانی سەردەمی عەبباسی)وەک نمونە
## لێکۆڵینەوەیەک لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری ئیبن خەلدون

ابراهیم توفیق سیده[1]* و کامران عزیز عبداللە[2]
[1] وەزارەتی پەروەدە، هەرێما کوردستانێ- عیراق.
[2] بەشی مێژوو، زانکۆی کۆیە، هەرێما کوردستانێ- عیراق.

تاریخ الاستلام: 2023/02 تاریخ القبول: 2023/05 تاریخ النشر: 2023/09 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2023.11.3.1173

**پوختە:**

فاکتەری ئابووری و کاریگەری بەسەر حوکمڕانی و شوێنگەی حوکمڕانی دوای ئەوە هات کە خولیاکانی جوانخوازی شارنشینی و حوکمڕانی و هاوکات هەلومەرجە ئابوورییەکانیش لە نێو هۆزەکاندا چەکەرەی کرد و لە دوای قۆناخی کۆچ ڕەوی دەستییان کرد بە بنیاتنانی سیستەمی حوکمڕانی قەڵا و شورا و شار لە پێناو پاراستنیان لە دەستدرێژییەکانی دەرەکی و ململانێی ناوخۆیی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی فاکتەری ئابووری کاریگەری لەسەر سیستەمی حوکمڕانی، کە ماوەی فەرمانڕەوایی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی وەک نموونە وەرگیراوە و لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری ئیبن خەلدون شیکردنەوەی بۆ کراوە و ناوەڕۆکەکەی پێکهاتووە لە دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەم پێک دێت لە پایەکانی حوکمڕانیەت، کە سێ خاڵ لە خۆ دەگرێت لە وانە میر وەک یەکەم وێستگەی حوکمڕانی کە سەرۆکی هۆزە، یاخود کاریزمایەک لە پێناو پاراستنی ئەندامانی هۆزەکەیان و بە پاڵنەری ماددی دەردەکەوێت، دواتر پایەی وەزیر وەک پێداویستییەکی سەردەمی لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەران و بەڕێوەبردنی ئەرکی کۆکردنەوەی باج و گوزەرانیان هاتە کایەوە، هەروەها دادوەریش یەکێکە لەو پایانەی کە ئەرکی گێرانەوەی مافی خەڵک و ڕێگری کردن لە چاو برینی سامانی یەکتر و ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بوو.لە تەوەرەی دووەمدا باس لە شوێنەکانی حوکمڕانی دەکەین وەک قەڵا کە نیشانەی باشتربوونی هەڵ و مەرجی ئابوورییە لە سەرەتای دامەزراندنی حوکمڕانیدا، دووەم شار، کە قۆناخی گرنگی گواستنەوەی کوردە لە کۆچەرییەوە بۆ شارنشینی هاوکات خولیاکانی جوانخوازی سەریانهەڵدا دواجار دەستییان کرد بە پێشبڕکێی و ململانێی و گەشەپێدانی شارستانیەت.

**کلیلەوشە**: دەسەڵاتخوازی، شارنشینی، میرنشین، پایە فەرمانڕەواکان، شوێنگە حوکمڕانییەکان

## پێشەکی

فاکتەری ئابووری و کاریگەری لە سەر سیستەمی سیاسی و حوکمڕانییەکان گرنگی لەوە دایە کە هەر بابەتێک لە مێژوودا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت لێکەوتەی ڕەهەندێکی ئابوورییە، بە شێوازێک کاریگەرییە ماددییەکان لە نێو ڕووداوەکاندا بە ڕوونی بەرچاو دەکەون. هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە فاکتەرە ئابوورییەکان لە ئێستا و داهاتووشدا بابەتێکی زیندووی نێو کایەیی ململانێی سیاسی و حوکمڕانییەکانە هاوکات کاریگەری گەورەی بەسەر گۆران کار یە ئەنثرۆپۆلۆجیەکانی سەردەمە جیاوازەکان هەیە بە ئێستا و داهاتووشەوە.

بابەتەکەمان پێکهاتووە لە دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم باس لە پایەکانی حوکمڕانی کراوە لە ژێر ڕۆشنایی کاریگەری ئابووری، کە لە سێ خاڵ پێک هاتووە یەکەم: باس پایەی میر دەکەین لە ژێر کاریگەرییە ئابوورییەکان و خولیا و ئارەزووەکانی میرەکان لە بەدەستهێنانی ئەم پایەیە، دووەم: وەزیر لە میرنشینە کوردییەکان وەک هاوکارێک و پاڵپشتییەکی میر لە نێو دەسەڵات و کاریگەرییە ئابوورییەکان بەسەر ئەم پایەدا، سێیەم : دادوەر و دەرکەوتنی وەک فەرمانڕەوایی شەریعەتە ئایینییەکان و دەسەڵات و کاریگەرییە ئابوورییەکانی بەسەرەوە.

تەوەرەی دووەم: باس لە شوێنگەی حوکمڕانی کراوە ئەوەش پێکهاتووە لە سێ خاڵ خاڵی یەکەم : قەڵا وەک بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هێمای چەکەرە کردنی دەمارگیری خواستی فەرمانڕەوایەتی و گۆڕانی شارستانیەتە واتای پێویستییەکی حوکمڕانی هەموو دەسەڵاتدارێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو، دووەم: شورا هۆکارێکی سەرەکی بوو لە پاراستنی شارەکان، چونکە ستەم و هێرشی هۆزەکان بۆ سەر یەکتری بەردەوام لە ئارادا بوو. سێیەم: کۆشکی میری ئەمەشیان خاڵێکی جوانخوازی میرەکان بوو کە هەڵپەی بنیاتنانیان دەدا دوای ئەوەی ڕەهەندە ماددییەکانییان فراوان بوو، بەڵام ئەمەش

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

ڕەنگدانەوە لە میرنشینی مەڕوانی زیاتر بە دیار دەکەوێت.توێژینەوەکە بابەتێکی شیکار یە لە ژێر تیۆری ئیبن خەلدون، هەرچەندە بابەتی شیکاری لە ژێر تیۆریدا بۆ توێژەر ئاسان نییە، چونکە لە یەک کاتدا پێویستە توێژەر ڕەهەندە ئابووری و ماددی و فەلسەفییەکان وەربگرێت هاوکوف لەگەڵ دەقە مێژووییەکان و ئەو سەردەمەی توێژینەوەکەی لە سەردەکرێت. گرنگترین ئەو سەرچاوانەش کە توانیم سوودی لێ وەربگرم (موقەدیمەی ئیبن خەلدون) کە بەڕاستی ڕێبەرێکی گرنگە لە ڕاڤەی بابەتەکاندا، هەروەها ( ابن الاثیر ،الکامل فی التاریخ )، کە زانیاری گرنگمان لێوە دەستکەوتووە لەسەر بارودۆخی میرنشینە کوردییەکان، لەگەڵ دکتۆرا نامەکەی ( اکو برهان محمد- التجارة والنظم المالیة فی کوردستان) کە زانیاری گرنگی لێ بەدەست دەکەوێت لە بواری ئابووری میرنشین و هەرێمە کوردییەکان

### فاکتەری ئابووری و کاریگەری لە سەر سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی

سەرهەڵدانی سیستەمی حوکمڕانی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاست بەو هەڵ ومەرجە ئابوورییەوە گرێ دراوە، کە کۆمەڵگەی کۆچەری و شارنشینی تێیدا ژیاون، بۆیە لە مێژوودا حوکمرانیەک لە هەڵ و مەرجی کۆچەریدا سەری هەڵنەداوە، چونکە هێشتا ئابووری کۆچەرییەکان ئابوورییەکی ساوایە پێنەگەیشتووە، هەر کات ئابوورییان گەشەی کرد فەرمانڕەوایش گەشە دەکات، هەروەها قۆناخی دەوڵەتداری پاش قۆناخی کۆچەری دێت (ئیبن خەلدون،١:٤٥٨/٢٠١٦) لەوێش دەست دەکەن بە دامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی و میرنشین، خۆی چەمکی میرنشین چەمکێکی شارستانییە پێک هاتووە لە دوو بڕگە ( میر + نیشین ) واتە نیشتە جێبوونی دەسەڵاتدارەکان لە قەڵایەک یان شارێک کە بەرژەوەندییەکانی خۆی و هۆزەکەی تێدا دەپارێزێت ئیتر بە پێی کات دەسەڵاتەکانیان فراوانتر دەبن و ئاوەدانکردنی شارەکان ئینجا هەنگاو بە هەنگاو گۆرانکارییەکان لە ژێر کاریگەرییە ماددییەکان دەردەکەون. چونکە تاکە شتێک کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکاتەوە بریتییە لە پاڵنەری ژیان سازی (ئیبن خەلدون،٢٠١٦: ٢٥٩/2 )واش پێناسە کراوە کە بریتییە لە ( ئەمارەت و تیجارەت و فەلاحەت و سناعەت ) (ئیبن خەلدون،١٢٢/٢٠١٦:2) ئینجا بە پێی هەڵ و مەرجە ئابوورییەکەیان پایەکانی حوکمڕانی بەرەو زیادبوون دەچن

#### تەوەرەی یەکەم: پایەکانی حوکمڕانی

هۆکاری هەرە لە پێشی پایەکانی حوکمڕانی کاتێک بینرا تاکەکانی کۆمەڵگا سەروەت و سامان و زەوی و مەڕوماڵاتیان هێندە زۆر بوو ئەم سامانە و سەرەوەت و زەوی و زاری کشتوکاڵی و گوندەکانیان دەکەونە ژێر هەڕەشەی هۆزە دەرەکییەکان و حوکمرانە فراوانخوازەکان، بۆیە ئەمە هۆکارێکی هەرە لە پێشینەیە کە پاڵ بە هۆزەکانەوە دەنێت بۆ بەدیهێنانی پێویستی بەرگری و پاسەوانی. کە پشتیان بە خاوەن پلە و پایە و دەسەڵاتێک ببەستن. (ئیبن خەلدون،٨٥/٢٠١٦:٢)ئەم فدراسیۆنە هۆزایەتیە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پاڵی بە کوردەوە نا تا هەوڵی بەدیهێنانی سیستەمێک بدات کە پێک هاتبوو لە میرنشین و پایەکانی:

#### أ- میر

یەک لە دیاردە شارستانیەتەکانی حوکمڕانی مێژووی کورد دەرکەتنی نازناوی میر بوو چەمک و نازناوی میری بە مانای (خاوەن فەرمان و دەسەڵات) دەگەیەنێت ( ابن منظور،١٤١٤ :٢٧/4)، دیارە کوردەکان کاتێک ئەم نازناوەیان هەڵگرت کە بوونە خاوەنی فەرمانڕەوا دەسەڵاتیان لە قاڵبی سەرۆکی هۆزەوە گواستەوە بۆ قاڵبێکی فراوانتر لە وەی کە هۆزێک لە دۆڵێکی داخراودا لەبەردەستی دابوو، بەڵکوو ئەم جارە خاوەنی زەویەکی فروان و پۆری لە شێوەی هەرێم و فیدراسیۆنی هۆزایەتین. هۆزەکان لەگەڵ فراوان بوونی هێز و دەسەڵاتیان ئەرک و فەرمانەکانییان گواستەوە بۆ ناوەندی شارەکان و قەڵا و قوڵڵەکان، هەر بۆیە ناچارن پیشەی جیاواز هەڵبژێرن، بەمە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چڕتر دەبن. سنوورەکانی خێڵایەتی کاڵ دەبنەوە ( کارل مارکس،1966: 56)ئەوەی پێشتر لە سەری بوون هۆزەکان جۆش درابوون لە دابوو نەریتێکی قاڵب دراو(ئیبن خەلدون،٢٠١٦: 58/1 ) بیردۆزە مادیگەریەکان ئەم جۆرە کۆمەڵگایە وا پێناسە دەکەن کە تاکەکانی دیاریکراون، چالاکی بەرهەمهێنان بە جۆرێکی دیاریکراوە، لە نێوان خۆیاندا چەند پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەکەن (مارکس واخرون،1975: 2)(،بەڵام لە قۆناخی شارنشینی کورد تەنیا هۆزێکی دیاریکراو نین، چالاکییە ئابوورییەکانیشیان داخراو و دیاریکراو نییە و هەر بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیشان فراوانتر بووە. نازناوی دەسەڵاتەکانیش شایەتی ئەوەن کە ئەوان ئێستا خاوەنی شارستانی و مۆرک و سەرمایەی خۆیانن. نازناوی میرنشینیش هەر خۆی لە زمانی کوردی مانا و مەدلولێکی تەواو شارنشین هەڵدەگرێت.

(ئیبن خەلدون) بوونی نازناوی دەسەلات بە هێمای دەرکەوتنی شارستانی دادەنێت پێشی وایە کە نازناو لە پایەی دەسەڵات داهێنانێکی شارستانییە هاوکات لەگەڵ فراوانبوونی شارستانیەتی ئیسلامی نازناوەکانیش فراوان دەبوون(٢٠١٦: ٥٨/1)هەڵپەی بەدەستهێنانی پایەی میرایەتیش لە سەدەکانی ناوەڕاست هەڵواسراوە بە فاکتەری مادی قووڵ، چونکە ئەو ناوچەیەی کە میر فەرمانڕەوایەتی دەکات بە موڵکەکانی میر ناسراوە(میکیافیلی، ٢٠٠٤: ٢١)وەک میر نەسر الدولەی مەڕوانی خاوەنی هەموو زەوییەکانی دیاربەکر بوو(ابن الجوزی، :1992مج/16 ٧٠ ·فارقی(١٤٩٣/٨٩٩) دەڵێ: میر (نصر الدولة) هێندەی پارە خەرج کرد کە ناتوانرێت هەژمار بکرێت(2007: 78)لە نێو سەرچاوەکان (میر ابو شوک )ناوی بە خاونداریەتی حلوان هاتووە(ابن خلدون، 69 /4 :1988) .میر خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە بەسەر بەرهەمهێنانی زەوی و ئابوورییەکانی ئەو ناوچانەی کە تێیدا خاوەنیەتی (شامیلوف 87) :1984:نەقشەبەندی بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە ڕاپەڕینەکەی بەنو حەسنەوییەکان بە سەرۆکایەتی حوسێنی بەرزیکانی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئابووری، چونکە خۆیان خاوەنی داهاتەکانییان نەبوون بەرپرسانی عەباسی نغرۆی بابەتە ماددییەکان بووبوون لە بێهۆشی ماددی بەسەدان کێشەی دارایی و ئیداری بۆ نابوونەوە ئەم سیستەمە سیاسییە هەرەس هێنراوە وڵاتی پڕ کردبوو لە باجگری زۆردار، کە هەریەکە و بە ئارەزووی خۆی گرێبەست لەگەڵ دەوڵەت دەکرێت لە پێناو پڕکردنەوەی کورت هێنانی

دارایی دەوڵەت و دابین کردنی مووچەی سەربازەکان، بەڵام کاتێک بەنو حەسنەویەکان بوون بە خاوەنی باجگر و داهات و سەروەت و سامانی خۆیان و سکەی تایبەتی خۆیان، میرەکان ئەو کات هەموو توانای خۆیان وە گەڕ دەخست لە پێناو پەرەپێدانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی خۆجێیەکان.(2011: 145) دەرکەوتنی پایەی میریش هەر لەم چوارچێوە ئابوورییانە کاریگەری بەهێزی هەبووە بۆ پاراستنی داهات و سامانی هۆزەکانیان. جگە لە وەی کە پاشایەتی لەزەتێکی ماددی دەبەخشی و پاڵنەری سەرەکییە بۆ تاک(ئیبن خەلدون، 2016: ٤١٧/1) هۆکاری بوونی هێندەی ماڵ و سامان لە کاتێکدایە کە دەگەنە لووتکەی دەسەڵات لە شارنشینیدا،( ئیبن خەلدون،٢٠١٦:٢/١٣٧)، چونکە کۆمەڵگەی شارەکان پەرەسەندنەکانیان بەرەو ڕەوتی سەرمایەداری و چینایەتییە(عبدالله اوجلان، 10 :2018)جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ ئەو قۆناخەی کە جاران لە سەری بوون هۆزەکان لەوێ بەیەکەوە خەریکی بەخێوکردنی مەڕو ماڵات بوون کۆمەڵگا هێشتا لە قۆناخی هاوبەش دابوون (لولیتز، د.ت: 90) ئەندامانی هۆز هەموویان بەیەکەوە خاوەنی زەوییەکان بوون. بەڵام لێرەدا چینی میر چینی هەرە بەرزی کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاستە. میرە کوردەکان نمونەی دەوڵەمەندترین توێژن لە ڕووی سەروەتەوە(عـزت،20 :2009)، بـۆیە هەڵـپە لـێدانـی هـۆزەکـان لە پـێـنـاو بە دەسـت هێنانی پۆستی میرایەتی لە قۆناخی شارنشینی شتێکی چاوەڕوا نکراوە. یەک لەو دەسەڵاتانەی کە میرەکان بە دەستیان دەهێنا پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی نێوان ناوەند و هەرێمە کوردییەکانە(النقشبندی، 14 :2011 )ئەمەش لە بەندەکانی ماوردی سنووری میر لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خەلیفەدا ڕێکخراوە کە دەسەڵاتی دەڕوا بەسەر داهاتە دارایەکان(، د.ت:64) :ئەم پرۆسەیەش لەگەڵ گەشەسەندنی سیستەمی دەرەبەگایەتی سەردەمی بویەهییەکان دەرکەوت لە سەر بنەمای هێزی ئابووری ( بولادیان، 2009: 54 )لە ڕاستیدا پرۆسەی دەرەبەگایەتیش پرۆسەیەکی ئابووری سیاسی بوو(طرخان،2001: 581). کاریگەرییەکی ئەو توی هەبوو بە سەر دەرکەوتنی میر لە هەرێمە کوردییەکان تاکوو ئەندامانی هۆز بە دەوری خۆیاندا کۆ بکەنەوە لە پێناو بەدی هێنانی ئامانجەکانیان(ماکیافیلی، 2004: 22 )کاتێک دەسەڵاتی ناوەند لەو ناوچانە کەوتە ژێر باری هۆزە چەکدارەکان پڕکردنەوەی پێداویستی سەربازی و دارایی و ئیداری ناوچەیەک ( ماکیافیلی، 2004 :47) پایەی میر بووە ڕاستییەکی سەردەم بۆیە خەلیفە ناچار بوو دان بنێ بە سیستەمی میرایەتی لە هەرێمە کوردییەکان(مصطفی، :1990) 198بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە میری میران لە خەلافەتی عەباسی دەرکەوت (الیافعی، 2 :1197)بەم شێوەیە خواستی پایەی میرایەتی لە نێو هۆزە کوردییەکانیش چەکرەی کرد.

سەرهەڵدانی پۆستی میر لای بەرزیکانیەکان لە ژێر دەسەڵاتی ( میر حسنویهی) لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا پێویستییەکی سەردەمی بوو لە بۆشای دەسەڵات. ( مرعی، 2005: 140) حوزنی موکریانی ئاماژەی بە کوردانی شارەزوور کردووە بەر لە سەرهەڵدانی دەسەڵاتی ( حسنویهی) نەیان توانی بەرگری لە خۆیان بکەن دژی ئەو هەموو باجە زۆرانەی کە حکومەتی ناوەند بە سەریاندا سەپاندبوو هەرچی مولک و ماڵ و سەروەت و سامانە بە ( میر حوسینی باوکی حسنویهی) بەرزیکانیان سپارد بۆ ئەوەی بۆیان بپارێزێت خۆشیان بەرگریان لێ کرد و بە ماوەیەکی کەم توانی میرنشینەکەی دابمەزرێنێ هێمنی تەناهی بهێنێتە ئاراوە .[i]

لەگەڵ توخ بوونەوەی نازناوی میر گۆرانکاریەکان لە هەرێمە کوردییەکان بەدی کران، هەرچەندە ڕوون نییە کە یەکەم سەرکردە ناوی میری وەرگرت کێ بوو لە میرنشینە کوردییەکان، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە هەندێک سەرچاوەدا ( حوسێنی بەرزیکانی) دادەنێن بە یەکەم سەرکردە بە وەرگرتنی نازناوی میر لە سەردەمی بویهییەکاندا.( النقشبندی،٢٠١١: ١٤) ئیبن ئەسیر نازناوی میری بۆ (باذ) بەکار هێناوە(1997: ٤٠١/7 ) کەچی لە پێش ئەودا کە باسی ونداد و غانمی کردووە سەرۆکی هۆزی عەیشانیەکان ناوی بردوو نازناوی میری نەداونەتە پاڵ،( ابن الاثیر،١٩٩٧: ٣٧١/٧)تەنها بە خاوەنی ئەو ناوچەیە هاتوون کە تێدا سەریان هەڵداوە، هەندێک لە توێژینەوەکانیش میرنشینی شەدادی لە ژێر فەرمانڕەوایەتی میر ( محمد بن شداد) لە هەرێمی ئاران دەخەنە پێش هەموو میرنشینەکان.(کامل مرعی،٢٠١٢: ٢)بەر لە بویهیەکان (سهلان بن مسافر الکردی) لە ناوچەکانی نەهاوەند و هەمەدان بە ئەمیری چیا ناسراوە(عزة، 2009: 24). لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی کە لە پشت دەرکەوتنی پایەی میرییەوە بوون ئەویش لە کاتێکدا بوو کە کۆمەڵگای گواستەوە لە بارودۆخێکی ئابووری داخراوی کۆچەری بۆ بارودۆخێکی تری کشتوکاڵی و بازرگانی و پیشەگەری و سەرمایەداری، یاخود بە هۆی فراوان بوونی فەزای ماددییان، چونکە شارنشینی هونەری خۆشگوزەرانییە(ئیبن خەلدون،2016: ٤٥٨/1)ڕاگیر بوون و گەشە سەندنیان پەیوەستە بە بوونی میرەکانەوە. فراوان بوونی نازناویش پەیوەستیەکی تەواوی بە فراوانبوونی ڕەهەندە شارستانیەتەکانەوە هەیە.

ب- پایەی وەزیر:

بە لای ئبن خەلدونەوە پایەی وەزیر هەڵگری کۆڵەکەی هەموو ڕەهەندە شارستانیەتەکانی شمشێر و قەڵەمە.(1988: 298/1) ئەمەش لە کاتێکدایە دوڵەتداری ئامانجی یەکەمی هەموو نەتەوەیەکە بۆیە هەر کاتێک بۆیان بلوێت دەست دەکەن بە فراوان کردنی دەوڵەتەکەیان، بەڵام لە بارێکدا بۆیان دەلوێت کە دەسەڵاتە ماددییەکانیان فەراهەم بوو،( ئیبن خەلدون،2016: ٢٤٠/١)، ئیتر هەڵ و مەرجی فەراهەم بوونی پایەکانی شارنشینی و فەرمانڕەوایەتی دێتە ئاراوە، کەواتە دەوڵەت داریش هەر خۆی بە مانای گۆرانی بارودۆخە ئابوورییەکانە.( هادی، ١٩٧٧: ٧٩/٧٣)

لەو بارودۆخەشدا میری ناتوانێت هەموو دەسەڵاتەکان بەتەنیا بەڕێوە ببات، چونکە بازنەی کارەکانی وردە وردە بەرەو فراوانبوون دەچێت. هەر بۆ یە دەسەڵاتداران ناچارن پەنا ببەنە بەر دۆزینەوەی هاوکاری و یارمەتی کەسانی تری شارەزا لە بوارە جیاوازەکاندا، بۆ ئەوەی کارەکانی سەربازی و ئیداری و دارایی باج و خەراج و چاودێری کردنی بازاڕ بکەن و ڕەزامەندی خەڵکی بەدەست بهێنن، هەروەها مرۆڤەکان بپارێزێت لە ستەمی یەکتر( ئیبن خەلدون، 2016: 572/1،573 )چونکە تیۆری دەرکەوتنی ئاوەدانی و شارستانیەت لە هەر قۆناخێکدا بەستراوەتەوە بە هاوکاری نێوان تاکەکان(ئیبن خەلدون، 2016:1/٣٣٩).

پایەی وەزیر بە مانای هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی وچاودێری کاروبارەکانە.( ابن منظور، 1414: 5/٢٨٣)بە ڕای

(ماوردی)یش ڕاپەڕاندنی بارقورسایەکانی پاشا دێت لە لایەن هاوکارەکانی(د.ت: ٥٦)لە قورئانی پیرۆز هاتووە، وەک خودای گەورە دەفەرموێت (*واجعل لی وزیرا من اهلی* هارون اخی* اشدد به ازری..*}( طه: (طه:،29،30.31) واتە کەسێک بکە بە یارمەتی دەرم لە کەس و کارم کە هاڕونی برام بێت تا خۆمی پێ بە هێز بکەم ( **الطبری، ٢٠٠٠: ١٨/ ٣٠٠)**

کەواتە وەزیر بە مانای هاوکاری و هەڵگرتن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانە کە بە دووەم پۆستی دەسەڵات دادەنرێت لە دوای دەسەڵاتی میری،( النقشبندی،2011:258(وەزیر لەو کاتەدا وەک هەڵگری جانتای دەوڵەت وایە میری بەردەوام پەنای بۆ دەبات(القلقشندی، د .ت:٤٢٥/٥)،چونکە وەک دەزگایەکی ڕێکخەری کاروباری ناوخۆ و دەرەوەیە( یونس، 2020: 252) هەربۆیە زۆربەی کاتەکان دەسەڵاتەکانیان ڕەها بووە(عبدة ، 2012: 474 (تەماشا دەکەین هەندێک لە وەزیرەکان لە پێناو تێرکردنی ئارەزووەکانیان لە ئەرک و فەرمانەکانی خۆیان لایاندا بوو بەهۆی ڕوچونی ماددی و بەکارهێنانی دەسەڵاتیان(عبدللرزاق،2010: 344)

ئەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کاریگەرییە ماددییەکان بوو کاری کردە سەر وەزیرەکان کە چاوی تەماع کاریان بگرێت چەندین میر لە ژێر پلانی ماددی گارایی وەزیرەکان گوژران، پایەی وەزیر لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بهێنن، چونکە وەزیر بە تایبەتی لە دەوڵەتی مەڕوانیدا تەواوی دەسەڵاتی پێ دەبەخشرا.( محمد،208: 74)تا ڕادەیەک وەزیر لە لە هەندێک باردا لە شوێنی میر کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد.

(ممهد الدوله ) کاتێک بە هاوکاری پلانەکەی مەمی پەردەدار دژی براکەی دەسەڵاتی وەرگرت، یەکەم کاری بریتی بوو لە دەست بەسەر داگرتنی خەزێنەکانی میری لەو کۆشکەی کە پێشووتر هی حەمدانیەکان بوو.( فارقی،2007: 34) دیسان ( شەروە)ی پەردە دار لە سەردەمی( ممهد الدوله ) کە هەموو دەسەڵاتێکی وڵاتی لەبەر دەست دابوو تەنانەت (ممهد) قەڵای هەتاخی پێ دابوو، گومانی تێدا نیە ناوچەی هەتاخ دا هاتێکی زۆری هەبووە، بەڵام شەروەی تەماع کار چاوی بەم قەڵایە تێر نابێت پلان بۆ (ممهد) دادەنێت و تیرۆری دەکات، سەرنج بدە یەکەم کاری (سەرەوە) دوای ئەو کوودەتایە بریتی بوو لە دەست بە سەر داگرتنی خەزێنەی سەربازی.( فارقی،2007: 43) .ئەم بارودۆخە خوێندنەوەی ئەوەمان پێ دەبەخشێت کە وەزیر لە نێو ڕەوتی مێژووی کورددا هیچ جیاوازییەکی نەبووە لەگەڵ نەریتەکانی وەزیری دەسەڵاتی ناوەند کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ماددی بەم هۆکارەشەوە بوونە هۆکاری سەرەکی ئاراستەکردنی ڕەوتی مێژووی کورد بەرەو دەرەنجامێکی نەرێنی.

یەک لە هۆکارەکانی تری دەرکەوتنی پایەی وەزیر دروستبوونی چینەکانە لە کۆمەڵگادا فاکتەری ئابووری کاریگەرییەکی ئەوتۆ دەکاتە سەر دەستە و چین و تاقمە کۆمەڵایەتییەکانیش بە پێی هێزی داهات و ئابووری وڵات دابەش دەبن بەسەر چینی بازرگانەکان و پیشەوەران و کرێکار و جووتیارەکان، بۆیە دەسەڵات لەو بارەدا پێویستی بە کارگێڕی جیاواز دەبێت کە شارەزای پسپۆڕە جۆراوجۆرەکان بن، هەر لەم گۆشەیەوە ئیبن خەلدون لە قۆناخی شارستانی ئەرکی دەسەڵاتداران دابەش دەکات بەسەر کۆمەڵێک پسپۆڕی جیاوازی ئەو کات کە پێک پێکهاتوون لە باجگر و پۆستە و پەردە دار و فەرماندەی سەربازەکان و دادوەر و... ( 2016: 576/١)، هەموو ئەو پۆستانەش لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی میرنشینە کوردییەکان پایێکی وەزاری بوون بە تایبەتیش لە میرنشینی مەروانی. لە میانەی خوێندنەوەی مێژووی ئیدارەی کوردی کۆمەڵێک پسپۆڕی جیاواز بەر چاو دەکەون کە ئیبن خەلدون و توێژەرانی وەزارەت هەموویان بە وەزیر هەژمار کردووە هاوکات ڕوخساری پلەبەندی شارستانیەتیشمان بۆ ڕوون دەکەنەوە،( 2016: ١/576)، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هەڵسەنگاندی شارستانیەت بە کێشی وەزارەت ئەوا پلەی شارستانیەتی میرنشینەکان بە جیاوازی دەردەکەوێت، چونکە هەر میرنشینێک بە پێی پێشکەوتنی شارستانی خۆی ئەم "پایانەی" تێیدا دەردەکەوێت، (النقشبندی،٢٥٥:2011/ یوسف،2 :2001 ٧٧ )هەرچەندە پایەکان بە شێوەیەکی چەسپاو نەبووە، وەزیر لە کاتێکدا کاری دارای و سەربازیشی ئەنجام داوە، تەنیا لە سەردەمی میر نسروالدەولەی مەڕوانی نەبێت کە سیمای شارستانیەتی گەشاوەتر بووە. مێژوونووسانیش دانیان بەوە داناوە کە سەردەمی ئەو ڕووناکترین سەردەمی مێژووی میرنشینەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی و پێنجەمی زاینی بووە( فارقی،2007:93)،

ئەوەی سیمای شارستانی تێیدا تۆخ بووەتەوە لە دوای میرنشینی مەڕوانی میرنشینی حەسنوەیهییە، بەڵام حەسنویهیەیەکانیش دوور بوونە لەو سیما شارستانیەتەی کە سیستەمی ئیداری پێویست بوو لەو سەردەمە جێبەجێ بکرێت، چونکە کاتێک سیستەمی بەڕێوەبردن و جێ بەجێ کردنی یاسا و دادوەری و شەریعەت بە شێوازێکی ڕێکخراو و پەیوەست بوون بە کەسانی شارەزا ئەوا شارستانی ئەو نەتەوەیە بەرز دەکاتەوە (شابرا، ٢٠٠٨ :٥٣.)

**ج – پایەی دادوەر:**

پەرەسەندنی شارستانیەت بەلای ئیبن خەلدون بریتییە لە بەند و بنەمای یاسا و دادوەری، چونکە لە سروشتی مرۆڤایەتیدا ستەم نەریتێکی باوە. ،( 2016: ٤١٦/١)، ڕەنگە یەک لە هۆکارە هەرە لە پێشینەکانی ستەمیش فاکتەری ماددی بێت بە تایبەتیش لە کۆمەڵگایەکی ئاژاوە گێڕی( ئیبن خەلدون،2016: ٤١٢/١ )،ئیبن خەلدون وای دەبینێت کاتێک مرۆڤ ستەم ناکات دەبێت هۆکارێکی لە پشت بێت(2016: ١/356)، چونکە غەریزەی پڕکردنەوەی بۆشای ئابووری تاک و کۆمەڵ زاڵە بەسەر غەریزەکانی تری (سوبحانی، 23 :2011 )ئەوەی هۆکاریشە بۆ نەکردنی ستەم بریتییە لە بوونی یاسا و ڕێگرییەکانی دەسەڵات( الماوردی، د.ت:119). بە پێی پێشکەوتنەکانی شارستانیەت دادوەری یەکێکە لە هێما هەرە لە پێشینەکانی ناو شارستانیەتی ئیسلامییە.( لیندزی، 2012: 61)،چونکە هەر زانا و شارەزایانی ئایینی ئیسلام بە پێی شەریعەت هەڵدەستان بە چارەسەر کردنی کێشە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر جاریش بە کێشە سیاسییەکانیش.( القلقشندی، ١٤٩/1985:٣)

فەراهەم بوونی ئەم پایە شارستانییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی بەرچاو دیار نییە زیاتریش ئەو میرنشینانەی کە ڕەنگدانەوەی سیمای شارستانیەتییان تێدا کەمترە، مەیلی شارستانیەتەکەیان سیمایەکی سەربازیان هەڵگرتووە، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەگێڕاوە لە شاریبوونی دەسەڵاتیان، پێمان وایە فاکتەری ئابووری هێشتا نەی توانیوە ئەوانە بگوازێتە بۆ سیستەمێکی شارستانی خاوەن دەزگایەکی دادوەری لەڕێی

دادوەرەكانيانەوە كێشـــەكانيان يەكلای بكەنەوە، بە هۆكاری زاڵبوونی بەرژەوەندی ئابووری هۆزايەتی فيودالیزمی.( محمد، 23 :2008 ) تاكە رێگە بۆ يەكلايی كردنەوەی كێشـــەكانييان دەســـەڵاتی تـاكڕەوی میرەكـانە. يەك لە هۆكـارەكـانی تر دەرنەكەوتنی ئەم هێما شـارسـتانیەی پەیوەندی تەواوی بە زاڵ بوونی عەقلیەتی هۆزی كۆچەری هەیە، كاتێك تەماشا دەكەین میرنشـــینی هەزبانی تەنها بە چەند ئاماژەیەكی كەم ســـیمای دادوەری تێدا بەدی دەكرێت ئەوەش ئەو كەســـانە بە دادوەر هەژمـار كراون كە بە راپەراندنی هەندێ كـاری كۆمەڵاتی ئاسايی هەڵساون شارزاییان هەبووە لە شەریعەت و مەزهەبە ئاينييەكانيدا(محمود،٢٠٠٢: ١٣٨) لەگەڵ ئەوەش گۆمەڵگەی كوردی بە كۆمەلگەیەكی كەرتبوو دادەنرێـت(وردی،٢٠٢١: ٨٧) . مەیلی مـاددیگەرایی بەســـەردا زاڵبووە، ســـیمـایی ئـاینییەكـانی تێـدا لاوازە، بۆیە ئەگەر بێتوو مەیلە ئـاینییەكـان بەسـەر كۆمەڵگادا زاڵبێت ئەوا دەسـەڵاتی دادوەری شـەریعەتی ئـاینی تێدا زاڵ دەبوو، چونكە ئـاین هۆكـارێكی ســـەرەكی رێكخســـتنی كۆمەڵگایە، بەڵام ئەگەر كۆمەڵگا دوور بوو لە رۆحیەتی ئـاینی ئەوا كـاریگەری دەكـاتە ســـەر لاوازبوونی جێبەجێ كردنی یاسا و رێسا ئاینییەكان(جليل، ١٩٥٤: ١١)٠ بە تـایەتیش لە كۆمەڵگیەک كە جگە لە یـاســـا ئـایینییەكـان هیچ بەدیلێكیان نیە.

تەنانەت بەشێكییان بە ئاشكرا كاریگەرییە ماددیەكان بە سەر خودی خۆیانەوە دیارە چ جای بەرگری لە بەهای خەڵك بكەن، ئەوەتا فارقی دەڵێ ئەبو علی حسن كوری علی ئامەدی ناسراو بە ( البەغەل) دادوەری ئامەد هێندە موڵك و ســـامان و پارەی دەســـكەوتبوو كە كەس ئەم ســـامـانەی نـابێ.( 2007:٨٠)، ئەوەبوو نسرولدولە لە سالی (451ك 1059ز) دەستی بەسـەر مولك و مالی بەغەل داگرت.(فارقی،2007:٩٩).

میر بەدری كوری حەسـنەویهییی رێزێكی زۆری لە قازیەكان دەنا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە میر بەدر موچەی مانگانەی بۆ نەبڕینەوە، بەڵكو بەردەوام دیـاری بە نرخ و پـارەییەكی زەبەلاحی پێ دەبەخشـــین، ئەوەش وادەردەكەوێت كە ئەو بڕە پـارە زۆرە لە كـاتێكدا بووە بۆ ئەوی تەمـاحی مولك و مـاڵی خەلك نەكەن و نەبنە هۆكارێك بۆ سـتەم، هەروەها رای تریش ئەوەیە كە موچە نەبێتە هۆكارێك كە لایەنگریان بەســـەرەوە دیاربێت بۆ لایەنێك.( النقشـــبندی، 2011: 273) بۆیە هەندێ جاریش وەک ســـەرمایەدارترین توێژی كۆمەڵگا دەركەوتون (عزت،2009: 36)، پلەی دادوەر نزیكترین پلە بوو لە ئاسـت وەزیر كە لە پایەی ئەمیرەوە نزیك بوو هەندێ جار دەسـەڵاتی هێندە باڵایان هەبوو تا دەگەیشـتنە ئاسـتی ئەمیرەكان. (بن عبد القادر، 1997: 1/٣٨٤) زۆر جار دوو پۆسـتیان لە بەردەسـت دابوو ( عبدالله حســـین كوری ســـەلەمەی مالیكی) لە ســـالی( 409ك / 1019ز) هەردوو پـلەی دادوەری و چـاودێـری ئەوقافی لە ژێر دەست دابوو.( فارقی، ٢٠٠٧: ٦١)، هەروەها لە ســاڵی( 415ك/1024ز ) میر نسـرولدەولە پایەی دادوەری هەردوو شـــاری میـافـارقین و ئـامەدی پێ ســـپـارد هەموو چواردەی مـانـگ جێ گۆركێی دەكرد مـانگێـگ لە ئـامەدوو مانگێك لە میافارقین.( فارقی، ٢٠٠٧: ٦٩)

**تەوەرەی دووەم : شوێنگەی حوكمرانی**

شوێنگەی حوكمرانی ئەو قەڵاو هێما شارنشینییانە دەگرێتەوە كە كۆمەڵگـای كوردی دەســـتییـان كرد بە بنیـاتنـانی لە دوای فەراهەم بوونی بواری ماددیان بۆ ئەوەی لە رێگەیەوە بتوانن هێزو دەســـەڵات و فەرمـانڕەوایەتییـان تێیـدا فراوان بكەن و ئامرازێكیش بوون بۆ پاراسـتنی مافی موڵكداریەكانییان كە پێك هاتبوون لە شـارو قەڵاو شـورا و ڕەهەندە بیناسـازیەكان( ئیبن خەلـدون،2016: ٣٣/٢)، ڕەنگە بە مـانـایەكی تر لێكبـدەینەوە دوای لاوازبوونی دەمارگیریان بە هۆی ڕووچونە ماددییەكان شوێنگرەیەوەی هێزی دەمارگیری بێت لە پاراستندا .

**يەكەم: قەڵا و شورا**

ئەگەر ورد بینەوە لە مێژووی میرنشـــینە كوردییەكان، ئەوان هـاتوون یەكەم هـانگـاویـان لە نیشـــتەجێ بوون دەســـتیـان بە بـنـیـاتـنـانەوە و ئـاوەدان كـردنەوەی "قەڵاوشـــورا كردووە،(التكريتی، ١٩٧٠: ١٧١) ئەوەش بەڵگەیە لەســـەر ئەوەی كە قەڵا هێمای چەكەرە كردنی دەمارگیری خواســـتی فەرمانڕەوایەتی و گۆڕانی شـارسـتانیەتە، دەركەوتنی هێمای فەرمـانڕەوایەتی قەڵایەكان پەیوەندی پتەوی هەیە بە " كـات" ئەو كـاتەی كە كورد قۆنـاخی كۆچڕەوی بڕی و ڕوودەكەنە ئاوەدانكردنەوەی قەڵا لە پێناو پاراســتنی بەرژەوەندیەكانییان. ئیبن خەلدون پێی وایە دروسـتكردنی قەڵاو سـوپا و شـورا لە كـاتێـدایە كە كۆمەڵگـا دەمـارگیری لاواز بوو، ئەو كـاتەش دەمارگیری لاواز دەبێت كە كۆمەڵگا رەهەندە مادیەكانی تێدا زاڵە، لێرەدا قەڵاو شـوراو ئامرازەكانی سـوپا شـوێنگرەوەی دەمارگیری دەبن(2016: ٣٥/٢)

تەماشا دەكەین لە دەستپێكی ڕابوونی سیاسی سەرۆک خێڵەكان بەهۆی چەكەرەكردنی رەهەندی مادی و ســـەرگەرم بوونی سیاسـەت و سـەربازی، بە سـەدان قەڵاو قولەو شورە دروست دەكەن و ســـەرۆكی خێڵەكان خۆیان و ئەندامانی خێڵ چەكدار دەكەن و دەسـت دەكەن بە بناغەی شـارنشـینی. ئەولیا چەلەبی گەرۆكی سەدەی هەڤدەم ئاماژەی بە (حەوسەت و حەفتا) قەلا كردووە لە هەرێمە كوردیەكان لەگەل ( نیو ملیۆن) چەكداری كوردی (١٩٧٩: ٩١)٠

ئـامـانجەكـانی هەڵبژاردنی قەلا بە مەبەســـتی پـاراســـتی زۆزانەكان لە ئەرمەن و گورج و روســـەكان یەكێک بوو لە هۆكـارەكـانی فـدراســـۆن و كۆبونەوەی هۆزەكـان لە نێوان چیاكـانی ئـازربیجـان و ئـاران و ئەرمینیـا و هەرێمی جەزیرە وەك "قەلاكـانی هەكـاری"( ابن واصـــل،١٩٥٧: ٤/ ٢٠)، هەروەها شـــارەزورییەكان كاتێك ســـەربەخۆییان راگەیاند لە قەلاكانی شـــارەزوور خۆیان قایم كرد، بە پێی ســـەرچاوەكان ژماریان ( شـــەســـت هەزار خێزانی ) خێڵی جەلالی بوون، هەموویان خاوەن زەوی و زاری كشـتوكاڵی بوون٠ (بۆلادیان، ٢٠٠٩: ٦٠) هۆزە بەشـــنەویەكـان و بوختی لە دەســـپێكی نیشـــتەجێبوونیان لە قەڵاكانی ( حســـینیە و بەرقەو بەشـــیر و جرذقیل) بوون (ابن عبدالحق،1412: 676/2 /محمد،2007: 95) . دەتوانین بڵێین قەلا لە ناوچە چیاكان بۆ مەبەســـتی بە دەسـتهێنانی داهاتیش بەكارهێنراوە بۆ نمونەی قەلای ( كنكور) بە (قصـر اللصـوص)( بن حوقل، ١٩٣٨: ٢ /٣٥٩/ الحموی، 1995: ١٥٨/٣ /الادريسی،1409: 2/ ٦٧٢/ الحموي،1995: 4/ 363) ناســـراوە، دیارە دەســـتەیەك لە كورد لەو قەڵایە هەســـتـاون بە رێگری كردن بە ئـامـانجی بژێوی ژیـان و ڕابوونی بزوتنەوەیەكی ســـەربازی. جگە لەوە كاتێك باس لە مێژووی كورد دەكرێ هەندێ جار لە نێو روداوەكان هەردوو وشـــەی قەڵاو دزەكان بە یەكەوە گرێدراوە(رۆژبەیانی،د.ت: ٥٧) پێمـان وایە ئەم دیـاردەیە كـاریگەری هەبووە لە ڕەوتی روداوەكانی كورد.

دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کاتێك کوردەکان ڕەهەندی ماددییان فراوان بوو هەوڵـدەدەن زوو ژیـانی کۆچەری لە بیر بکەن، لەگەڵ دەوڵەمەند بوونییان دەچنە قۆناخی شـارنشینی بەهەمان شـێوە ملْک و سـامانیان فراوان دەبێت هەربۆیەش کوردەکان قەلآیان هەڵبژرارد، چونکە قەڵا خەزێنەی پاراسـتنی پارە و زێرو و گەوهەرەکانیان بوو، لە سەرچاوەکان هەر کاتێك باسی قەڵا کرابێت باس لەو داهاتەی کراوە کە دەسـەڵاتداری قەڵا هەیەتی، حەسنەویەکان هەموو سامان و چەك و تەقەمەنییان لە قەڵادا هەلگرتبوو(مسـكوية: 2000: 7/ 18) دیارە ئەمەش دوای ئەوەی دێت کاتێك خێڵە بەرزیکانیەکان دەوڵەمەند دەبن پـارەو داهـات و زێرو گەوهەرەکـانیـان دەبەنە قەڵا لەوێ حەشـاری دەدەن لە ترسـی ڕێگر و دوژمن، هەر لەوێش بە ئاسـانی دەتوانن پاسـەوان و چاودێری بکەن. بایەزیدی دەڵێ کاتێك( عضد الدوله) هیرشـی کردە سـەر قەڵای سـەرماج ئەو سـامـانەی کەوتە بەر دەسـتـی لە ژمـارە نەدەهـات. (رۆژبەیانی،د.ت: 8٥) ئیبن ئەسـیر کاتێ باسـی هیرشـی تورکمانەکان دەکات بۆ سـەر (سـورخابی کوری بدری کوری مهلهل ) بۆ سەر قەڵای ( خەفتیکان) چەک و پارەی تێدابوو کە بڕی زیاتر لە دوو هەزار دینارە(1997: 8/ ٤٧٦) بە هەمان شـێوە خەزێنەکانی (میر بەدر) لە قەڵای (دزبز)[ii] بەناوبانگ بووە کاتێك فخرولدەولە دەسـتی بەسـەر دادەگرێ پارەیەکی زەبەلاح تـاڵان دەکـات.( الـروذراوری،ب.ت:٣ /٣٨٩)، هەروەها لە سـەرچاوەکان باسـی قەڵا کراوە وەك بەندیخانە ( سـجن) مسـكويە ئاماژەی بە قەلای ( سـمیرم)[iii] کردووە بە بەندیخانە باسـی کردووە(2000: 6/١٨٦). گومانی تێدانیە بەندیخانە قۆناخێکی تازەیە لە شـارسـتانیەتی فەرمانڕەوایەتی کورد هەنگاوێکە لە پەرەسـەندنی سـیسـتەمی حوکمڕانی ئەو کات.

سـەبارەت بە شـورە بە هەمانشـێوە دەتوانین بڵێین هێزی بەرگری و رەهەندێکی گرنگی شارستانیەتی مێژووی کوردە دیاردیەکی شـارسـتانی گرنگە لە پاراسـتنی فەرمانڕەوایانی هەریمەکان، دروسـتکردنی شـورەی میافارقین لەلایەن ( ابو الفوارس الحسین) برای باد بە کەمتر لە دوو سـاڵان، ئیستاش ناوی لە سـەر شـورەکە نوسـراوە.( فارقی، 2007: ١٦) ئەم شـوریە بە بەردی سپی دروسـت کراوە وەزنی هەربەردێك ( پێنج سەد مەننە هەر مەنێك نزیکەی سێ کلگم)( بادی، ٢٠١٠: ٤٠) شـاری امد لەسـەر بەردێك دروست کراوە بە شوریەك دەورە دراوە کە ( بیسـت ذراع) واتە قوڵ بڵندە، پانیەکەی ( دە ذراع ) دەبێت. وە لە هەر ( سـەت ذراع) بورجێکی چاودێری بۆ کراوە وە کـاتێك دەچینە ژورەوەی شـاری ئامد دووبـارە شوریەکی ترمان دێتە پێش بە هەمان شێوە دامەزراوە، ئەم دوو شوریە بە بەردی سور دروستکراوە کێشی بەردەکان لە نێوان ( سەد تاکو هەزار ) دەبێت.( خسروی، 1983: 42) بێگومان ئەو هەموو وردەکاریە پێویسـتی بە توانـای مـاددی و هێزی بەردەست هەیە لە بنیاتنانی شورەدا لە کاتێکدا هۆزە کوردیەکان ئەم جۆرە پارێزبەندەیییان دروسـتدەکرد کە لە سـەرتـای بنیاتنانی هێزی فەرامانڕەوایەتی بوون، بۆیە ئەم شـورایانە هـاوشـان بوون لەگەڵ فراوانبوونی ئـامرازە مـادی و سەربازیەکان.

لە بارەی شـاری ( خوێ) ناصری خەسرەی دەڵێ هیچ شتێك لە بارەی شـارەکەوە نەنوسـراوە تەنها ئەوە نەبێت کە لەسـەر دەروازەی شـارەکە نورسـراوە ( وهسـوزان) ئەوەش بەڵگەی فراوانی دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی ڕەوادییەکان بوو کە لە ساڵی( 42٠هــ /١٠٢٩ك) گەورەترین فەرمانڕەوایەتیان تێدا بنیات ناوە، چونکە ئەم شـارە سـەر بە هەرێمی ئازەربیجانەوە بوو.( بادی، 2010: 26)، بۆیە دەتوانین بڵێین دروستکردنی شورەو قەڵا لەلایەن فەرمـانڕەوایـانی کورد بەشـێك بوو لەو هێزە ماددییانە کە کوردیان لە قۆناخێکەوە گواسـتەوە بۆ قۆناخێکی شـارسـتانی گەورەی بەهێز و چەکەرە کردنی رەهەندەکانی دەوڵەتداری لە پاڵ شورە و قەڵاو قولەکاندا.

**دووەم : شـــار**

لە ڕوانگەی تێزەکانی ئیبن خەلدونەوە مرۆڤەکان لە ئاسـت داهاتیان مامەڵە لەگەڵ پیداویستیەکانی سـەردەم دەکەن، ناتونن هانگاوی زیاد لە پێداویستیەکانی هاوسەردەمی خۆیان بهاوێژن . (2016: 341/1) پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەی ئەوان کەی دەتوانن خۆیان لەو کۆت و بەندە ئابووریانە لا بدەن کە تێیدا چەقیان بەسـتووە؟ وڵامەکەی بەسـتۆتەوە بە دەقی ڕەهەندێکی قوڵی ئابووری کە دەڵێ ( هۆزەکان لە پاش قۆناخی فراوانبوونی سـەروەت و سـامان دواتر هاتونەتە شـارەکانەوە ) (ئیبن خەلدون،2016: 345/1) ئینجا ڕوو دەکاتە هێمنی و ئارامی دەسـت دەکەن بە خواردنی بەرهەمەکانیان و دەوڵەتداری و دروست کردنی خانو و باڵەخانەی جوانتر وباشتر و داهێنان و جـوانـکـاری(ئـیـبـن خەلـدون،2016: 340/1)و چـونـکە شـارسـتانیەت دیاردەیەکی جوانخوازی و ئابووری گۆڕاوە جیاوازیەکانی دەردەکەوێت لە زۆری هێماو نیشـانەکانی، یـاخود گۆڕانە ئەنپرۆپۆلۆجیەکـان بە دوو ڕەهەنـدی کـات و شوێندا تێدەپەڕێت، لە هەردوو قۆناخی کۆچەری و شارنشیندا، بەڵام لە قۆناخی کۆچەریدا هێمای گۆڕانکاریەکان دەرناکەون هیچ گۆڕانێکی ئەو تۆ بەدی نـاکرێت، کـات و شـوێنی ئەو قۆناخە جیاوازی لەوەی دایە بە شـارسـتانیەتی چەق بەسـتوو ناوبراوە (علی وردی،د.ت: 34)، هەرچی لە قۆناخی دوو هەمە گۆڕانکاریەکان بە ئاشـکرا بەرچاو دەکەون. واتە دەرکەوتنی شـارەکان کە بریتین لە جێگیربوون و حوکرانی(بن حسـن، 2021: 161).

لە سەردەمی (بادی کوری دۆستەك) شارەکانی سعرد و بەتلیس و خەلات و ملازگرت و موش ئاوەدانی گەورەی تێکەوت و لە ماوەی تەنها دوو سـاڵ دیاربەکر بوو بە ناوەندێکی بازرگانی و دروستکردنی کەشتی بۆ دەریاچەی وان لە هەموو ناوچەکانی دەوروبەر نشـیتەجێ بوونی ڕەوەندەکان و فراوانبوونی شـارو قەرەبـالغی ڕووی تێکرد(موکریـانی، 2011: 366/1)، ئیبن حوقل سـەبارەت بە هەریمی جەزیرە لە سـەرەتایەکانی سـەدەی چوارەم راسـتی پێکاوە کە دەڵێ تەلارسـازیش زیادی کردووە (وازدادت العمارة) خەلك لە هەموو کەلەبەرەکانی ئەم ناوچانە نیشتە جێ بوون و دەستیان بە بینات نانەوە و دروست کردنی بازرا و حەمام و کاروانسەرا کردووە. ( 1938 :224/1) .

لە ماوەی (چواردە سـاڵ) فەرمانڕەوایەتی (مەمهەدودەولە)ی مەڕوانی شـاری میافارقین و دەوروبەری زۆر گەشـایەوە هێمنی وئارمی باڵی کێشـا، چەندین باڵەخانە و مزگەوت و دەروازەو بەرزکردنی شورەی میافارقین و کۆشك و تەلاری جوانی دروست کرد. ( فارقی،2007:40) لە ماوەی دەسەڵاتی نەسـرودەولە ( 401-453ك/1008-1065ز) گومانی تێدا نیە داهات هێندە زیادی کردووە، بنیات نانەوەی شاری ئامەد و میا فارقین و دروسـت کردنی کۆشـکێك کە وێنەی نەبوو لە نزك بورجی شـا لەسـەر دەروازەی شـار و چاك کردنی ئاو

ئـاوەڕۆیەکـان و دروســـت کردنی مزگەوت و شــاری (نەســرەیە)[iv] و بـازاڕ و گەرمـا و خـانوو و بۆ هەریەك لە کوڕان و ئامۆزایەکانی لە دەورەی کۆشـکی میری دروسـت کرد. حەوزێکی ئاوی لە سەر گردی شارەکە دروست کرد بە هۆیەوە ئاوی بە سەر هەموو شار دابەش کرد. پرد و مزگەوت و دەروازەی تێدا بینات نا.( فارقی،2007: 77)·

هەرێمی ئازەربیجانیش لە سـەر دەسـتی کوردە هەزبانیەکان ئاوەدانی تێکەوت لە کۆتای (سەدەی سێیەمی کۆچی و نۆیەمی زاینی) لە ژێر سـتەمی حەمدانیەکـان لە هەرێمی جزیەرەوە کۆچیان کرد بۆ هەریمی ئازەربیجان.( النقشـبندی، 2011: 84)، (مسـعر بن مهلهل) ئاماژەی بەوە کردووە کە هۆزی عەرەبی (علی بن مر طائی ) سەرپەرشتی ناوچەکانی شاری تەبریزیـان دەکرد، بەڵام لەگەل هـاتنی کوردە هەزبـانیەکـان کاتیک شـارەکەیان کەوتە بەر دەسـت هۆزە عەربەکان وون بوون لە ناوچەکە ئینجا شـارەکە لە سـەر دەسـتی کوردە هەزبانیەکان ئاوەدان کرایەوە پاشـان شارەزورو دەینەوەریشـی گرتەوە(1955: 10) (البکری) بە پشـت بەسـتن بە چەند گێرانەوەیەك ناوی شـازەنجانیەکان بەناوی شـهوجان و یاخود ماجردانیشـی هێناوە لە خاکی دینەوەر و نهاوند و هەمەدان وناوچەکانی ئازەربیجان نیشـتەجێ بوون لەوێ دەسـتیان بە ئـاوەدانکردنەوە کردووە.( اندلسـی،1992: ١/ ٣٤٤)، ئەمە بەڵـگەیە لەسـەر ئـاوەدانکردنەوەی ئەم شـارانە لەلایەن کوردەکانەوە دیارە سـەلمێنراوە شـار هێزی کۆکردنەوەی هۆزەکـانە بە دەوری یەکتری بە هۆی هەولەکـانیـان لە پێنـاو پێـداویسـتیەکـان. (ئیبن خەلـدون،2016: ٦٥/٢) دیـارە دروسـتکردنی هەر شـارو ناوچەیەك لە لایەن میرەکانەوە، یاخود ڕووتێکردنی خەلکی نیشـانەی ئەو گۆڕانە ماددیانەن کە لە ڕەوتی مێژووی کورد رەنگ دەداتەوە، بۆیە خەڵکی ڕووی لە شـارەکـان کردوو دەسـتیـان کردووە بە هەڵبژاردنی پیشـەوەوەری و کشـتوکاڵ و پاراسـتنی کێڵگەکـانیـان و پێشبرکێکردنی موڵکایەتی و سـەرمایەداری· و دروستکردنی کۆشك و تەلاری کە هاوکاتبێت لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەتی ئیسلامی.

**سێیەم ـ کۆشکی میری ( دار الامارە)**

کۆشکەکان شوێنی نیشتەجێبوونی خەلیفەکان و سوڵتانەکانن لە سـەردەمی ئیسـلامیدا جیاوازیان هەبووە لە پلاندانانیان لە بینـاکانی تر وەک ئەوەی تەلارسـازییەکی گەورەن و دەرگـا سـەرەکیەکـانیـان هەیە، دەورە دراوە بە ئەو بینـایـانەی کە بە کۆشـکەوە لکێندراون، کە پێك هاتبوون لە دیوانەکانی میری، خزمەتگوزاری و بەشـەکانی سـەرپەرشـتیی خەلیفەی تێدایە، (حوزنی،:379/1:2011) بە هۆی ئەوەی کە کۆشـکەکـان شـوێنی نیشـتەجێبوونن، هەرچی پێداویسـتی سـەردەمە تێیدا فەراهەم دەکرێت لە پێناو خزمەتی پاشـا، هەر روانگەیەکی شـارسـتانیەتی لەمانە بگری وەسـتاوە لەسـەر لایەنی ئابووری ئەو وڵاتە.( مؤنس، 1978: 318) لە روانگەی ئیبن خەلـدون ئەوەی پاڵ بە دروستکردنی کۆشـك و بیناو شـارەکانەوە دەنێت بریتیە لە حەزو خولیاو ئارەزوی ماددی کە بە نازونیعەت و خۆشـگوزەرانی نـاوزەنـدی کردووە، هەروەهـا یەکێـك لە ئامرازەکانی دروستکردنەکەشی هەر گەراندۆتەوە بە ئامرازی بوونی دەوڵەمەندی وپارە (2016: ٢/ 22 )·

نسـرولدوەلەی مەروانی یەکەمین هەنگاوی دەسـت بەکار بوونی بیری کردۆتەوە لە دامەزرانـدنی کۆشـکێکی نـایـابی پـاریزراو.( فـارقی،2007: 77)' چونکە تـا ئەو کـاتە هیچ کۆشـکێکی میری لە مێژووی شـارسـتانیەتی کوردی بەرچاو ناکەوێ، ئەوەی لە هەرێمی جەزیرەش هەبوو تەنها کۆشـکی پێشـووی حەمدانیەکان بوو، میر بادیش هەر ئەمەی کردبووە کۆشـکی فەرماڕەوایەتی خۆی. دوای ئەویش تاکو سـەردمی نسرولدەولە و هەر ئەم کۆشکە بۆ (دار الامارە) بەکار دەهات. .( فارقی،2007: 55)( یوسف، ٢٠٠١: ٣١٦/2)· نسرولدەولە بە پێشیناری ابو القاسمی راوێژکاری کۆشکێکی دروست کرد لە تەك برجی پاشا لە شوێنێکی بڵندی دەروازەی شار پارەیەکی زۆری لێداو لە پادتایەکی فراوان دروسـتی کرد تەنانەت بە گرانترین مادە دیوارەکانی ڕووپۆش کرد.( فارقی،2007: 55) ئەمەش ئەوە دەگەێنێت کە میرو پاشـایەکانی کورد لەو کاتەدا کە پـارەدار دەبوون یەکەمین بیرکردنەوەیـان دروسـتکردنی کۆشـکی خۆشـگوزەرانیە تایبەت بۆ خۆیان و هاونزیکەکانیان. بەم هۆکـارەش غەریزە مـادیەکـان گەشـەدەکەن . (ئیبن خەلدون،2016: ٤٦٣/٢). ئەمەش ڕوونە کە ڕەوتی کۆمەڵگا بەرەو ڕەوتێکی مـاددیگەرایی ئـاڕاسـتە دەبێت بە پێەوانەوە ڕەهەندە نیشتیمانیەکان لاواز دەبن.

گومانی تێدانیە ئەم هەڵومەرجە شـارسـتانیە لە بارێکدا دێتە فەراهەم بوون کاتێك دەسـەڵاتی ماددی لەو پەڕی بەهێزی دا بێت، هەر بۆیەش نسـرولدەولە هەسـتی کردبوو دەسـت گرتن بەو بارودۆخە پێویستی بە پاراستی ئاشتی هەرێمەکەی هەیە، بۆیە بەردەوام نوێنەری ئاشـتی بۆ هەموو لایەنەکان دەنارد،(.( فـارقی،2007: ٥٨)) لە گەل هەر نوێنەرێکیش کۆمەڵێـك دیاری بەهاو بە نرخی لەگەڵ هاوپێچ دەکرد، ئەوانیش کاتێك هاتن بۆ مەراسـیمی تاجی میرایەتی لە کۆشـکی تایبەتی خۆی پێشوازی لێ دەکردن ( فارقی،2007: ٥٦).

سـەبارەت بە میرنشـینی حەسنەوەیهی ئەوا هیچ ئاماژەیەك نیە کە ئەوان کۆشـکی تایبەتیان دروسـت کردبێت، بەڵام ئەوانیش قەڵای سـەرمـاج گەورەترین بنکەو بـارەگـای میری بوو . ( مسـکویة: 2000: 6/ 466)( (النقشـبندی ، 2011: 454)، چونکە لە راسـتی دا کۆشـکی میریش جگە لە میر نسـرولدەولە نەبێت کە بە شـێوەیەکی جیا دروسـتی کردبوو لە مێژووی هیچ میرنشـینێکیتر بەدی ناکرێ هۆکارەکەشـی پەیوەندی بە ئارامی و پێشـکەوتنی عەقلیەتی ماددی و شـارسـتانی هەیە. میر نسرولدەولەش کۆشکەکەی لکابوو بە دەروازەی شورای قەڵای میافارقین،.( فارقی،2007: 55) واتە ئەویش نەی توانی خۆی لە قەڵا جودا بکاتەوە، چونکە باری ئاسایشی وڵاتەکەی رێگەی ئەوەی پێ نەدابوون بەشـێوەیەکی فراوان سـود لە ڕەهەندە ماددیەکانیەن وەربگرن، لەلایەکی تریش ماوەی فەرمانڕەوایی ئەوانە هێندە نەبوو کە بواری شارستانیەتیان بگاتە ئەو ئاستەی جیا لە قەلا کۆشکی جیاواز و شـاری گەورە لە ئاست دەوڵەتی نـاوەند دروسـت بکەن، ئەگەر مـاوەکەش هێندە بێت بواری ئەوەیان هەبووبێت، بەڵام بارودۆخی نیشـتەجێبوونی قەڵایان بەلاوە پارێزراوتر بوو ، چونکە ئەوەی راسـتی بێت رەهەندی فراوانبوونی شارستانیش بەستراوەتەوە بە سروشتی پاشایەتی و دەوڵەتـداری(ئیبن خەلـدون،2016: ٢/59). پێویسـتی بە مـاوەیەکی درێژ و ئـارامی و نەریتی چاکەی فەرمـانڕەوایـان هەیە تـا بتوانێت شـارسـتـانی خۆی کـامل بکـات. (ئیبن خەلدون،2016: ٢/30).

کۆشـکی عەنازیەکانیش پێك هاتبوو لە قەلای( سـیروان ) کە هەرچی کـاروبـاری دارایی و سـەربـازی هەبێت لەم قەڵایە

تاوتوێیان دەكرد. (ابن الأثیر، 1997: 52/8) هەزبانی و شەدادی و ڕەوادیش بە هەمان شێوە هەر قەڵا بنكەی بارەگای سەربازی و ئیداریان بووە.لە گەڵ ئەوەش قەڵا جێگرەوەی ئەو بوار شارستانیەتە بوو كە نەتەوەكان پێی گەیشتبوون ببوە هۆكارێك لای كوردەكان وەك نەریتێكی شارستانیەتی بەرز تەماشا دەكرا، چونكە بوونی خاوەنداریەتی قەڵا پەیوەشتكرابوو بە هێز و شكۆ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو نەتەوانەی كە شارستانیەتیان فراوانتر بووبوو ئەوا وردە وردە دوردەكەوتنەوە لە قەڵاو هەنگاویان دەنا بەرەو دروستكردنی كۆشك و خانووی بەرز .

## ئەنجام

1- كاریگەریە ئابوورییەكان هۆكارێكی بنەرەتین لە دروستبون و سەرهەڵدانی میرنشین و فەرمانڕەوایەتی، چونكە ژێرخانی ئابووری هێزێكی یارمەتی دەرە بۆ زیادبوونی نفوسی دسەڵاتدار و خۆراگری و بەهێزكردنی هێزی سەربازی و ڕاكێشانی هۆزەكان بۆ نێو دەمارگیری یەك هۆز. بۆیە سەرهەڵدانی حكومڕانی ئەنجامی فراوانخوازیە ئابوریەكانە، هاندانی هۆزەكان لە پێناو پاراستنی مولك و ماڵ و سەروەت و سامانیان هەر لەم سۆنگەیەوە بوو.

2- دەركەوتنی پایەی میری لە نێو پایەكانی حوكمڕانی یەكەمین پێداویستی سەردەم بوو كە ئەندامانی هۆزەكانی لە دەوری خۆی كۆكردەوە لە پێناو پاراستنی مافەكانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەند كە بیان پارێزێت لە ستەمە ئابووریەكان، لەگەڵ كاریگەریە ئابووریاكان بەسەر هاندانێكی خودی میرەكانەوە بۆ دەستكەوتنی داهاتە مادییەكان كە خۆیان بوونە خاوەنی هەموو داهاتی هەرێمەكان بە دەوڵەمەنترین بەرزترین توێژی كۆمەڵگا دەركەوتن.

3- دەركەوتنی وەزیر و دادوەر ئەنجامێكی ڕوونی فراوانبوونی كاروبارەكانی میرنشینەكانە، لە ڕێرەوی هەر شارستانیەتێكدا هێمای فراوانبوونی ئابوری دەوڵەتە، بۆیە چەندی میرنشینەكان دەوڵەمەند بونایە ئاستی شارستانیەت فراوانتر دەبوو پێوستیان بە هاوكار دەبوو لە پێناو ڕاپەڕاندنی كارەكانیان، بۆیە دەڵێن پایەكانی وەزیرو دادوەر لێكەوتەی فراوانبوونی سروشتی ئابووری میرنشینەكان.

4- هەر حوكمڕانیەک كۆمەڵێک ئاسەواری شارستانی جێدەهێڵێت لێكۆڵینەویان ئاستی پێشكەوتنی ئەو شارستانیەتەمان بۆ دەردەخەن لە ڕوانگەی ماددی و هێز و دەسەڵاتەوە، بۆیە دەڵێین قەڵا هێمایەكی شوێنگەی چەكەرەكردنی فراوانبوونی ئابووری و شارستانیەتی میرنشینە كوردیەكانە لە پێناو پاراستنی موڵک و سەروەت و سامان و پایە و دەسەڵاتەكانیان، چونكە قەڵا هێزێكی پۆڵاینی شوێنگرەوەی پاراستنی دەمارگیری هۆزەكانە.

5- دەركەوت ئەو میرنشینانەی كە هێزی ئابووری و ئاستی شارستانیەتیان فراوانترە گرنگی زیاتریان بە ڕازاندنەوەی كۆشك و جوانخوازی و ڕافاهیەت داوە لە ئەنجامیشدا هێزی دەمارگیریان وردە وردە بەرەو لاوازی چوو.

## سەرچاوكان

**القران الكريم**

یەكەم: سەرچاوە و ژێدەرە كوردیەكان

1- باستیا، فریدریك، یاسا دوو وتاری دەربارەی ئابووری سیاسی، وەرگێران: چرای ئازادی، چاپخانەی: ئازادی ( ب. م : 2007)

2- چەلەبی،ئەولیا ، كورد لە مێژووی دراوسێیەكانیدا، و.سعید ناكام،( بەغدا: 1979ز)

3 - ئیبن خەلدون، عبدالرحمن ئیبن خلدون، موقەدیمەی ئیبن خەلدون، و. سعید بشیر، چاپەمەنی گەنج( سلیمانی: 2016ز)

4- ڕۆژبەیانی،محمد جمیل، مێژووی حەسەنوەیهی و عەییاری،( د.م:د.ت).

5- سوبحانی، ناصر ، سیستەمی ئابووری لە ئیسلامدا، چاپخانە: پالیت،(سلیمانی: 2011ز)

6- فارقی، ئیبن و ئەزرەقی فارقی، مێژووی میافارقین و ئامەد،و.قادر محمد پشدر.ئاكۆ برهان، ( هەولێر: 2007ز).

7 موكریانی، حسین حوزنی ، سەرجەمی بەرهەمەكانی، دەزگای ئاراس( هەولێر: 2011ز) .

8- وردی، علی، تیرۆری مەعریفی لای ئیبن خەلدون، و. مەودود جبار، ناوەندی ڕۆشنبیری، ( سلیمانی:2021ز)

٢- سەرچاوە عەرەبیەكان

9- ابن الاثير: أبو الحسن علي بن أبي الكرم محمد (ت: 630هـ/١٢٣٢م)، الكامل في التاريخ، دار الكتاب العربي(بيروت،1997)

10- الادريسي ، محمد بن محمد بن عبد الله بن إدريس الحسني الطالبي (ت: 560هـ/١١٦٤م)، نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، (بيروت،1409هـ)

11- الأندلسي، أبو عبيد عبد الله بن عبد العزيز بن محمد البكري (ت: 487هـ/١٠٩٤م) ، مسالك وممالك ، دار الغرب الاسلامي، (د. م : 1992م)

12- ابن حوقل، محمد بن حوقل البغدادي الموصلي، أبو القاسم (ت: 367هـ/٩٧٧م)، صورة الارض، الناشر: دار صادر، أفست ليدن، بيروت:1938ز)

13- الخزرجي ، لابى دلف مسعر بن المهلهل (ت: ٣٩٠ه/١٠٠٠م)، الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها : مينورسكى، مطبعة جامع (قاهرة: 1955م)

14- خسروی، ناصر خسروی،( ت: 188هـ / 1088م )، سفرنامة، المحقق: يحيى الخشاب،(د.م: 1983م)

15- ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن محمد، الحضرمي الإشبيلي (ت: 808هـ/١٤٠٥م)، تاريخ ابن خلدون، المحقق: خليل شحادة، الطبعة: الثانية، ( بيروت: 1988م)

16 - الروذراوری ، ظهیر الدین أبو شجاع محمد بن الحسین (ت: 488هـ/١٠٩٥م) ، ذیل تجارب الامم، دار الكتاب الاسلامی( القاهرة: د.ت).

17- الطبري، محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب (ت: 310هـ/٩٢٢م)، جامع البيان في تأويل القرآن، المحقق: أحمد محمد شاكر، مؤسسة الرسالة، ( د.م :2000).

18- بن عبد الحق، عبد المؤمن بن عبد الحق، (ت: 739هـ/١٣٣٨م)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، دار الجيل،( بيروت: 1412)

19- القلقشندي، أحمد بن علي بن أحمد الفزاري (ت: 821هـ/١٤١٨م) ، مآثر الإنافة في معالم الخلافة، المحقق: عبد الستار أحمد فراج، الناشر: مطبعة حكومة الكويت، (الكويت: 1985ز)

20- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن محمد بن حبيب البصري البغدادي، (ت:450هـ/ ١٠٥٨م) الأحكام السلطانية، دار الحديث، ( القاهرة: د. ت)

21- مسكوية: أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: 421هـ/ ١٠٣٠م)، تجارب الأمم وتعاقب الهمم، المحقق: أبو القاسم إمامي، الناشر: سروش، الطبعة الثانية، ( طهران، 2000 م.).

22- المقريزي، أبو العباس أحمد بن علي بن عبد القادر، (ت: 845هـ/ ١٤٤١م)، السلوك لمعرفة دول الملوك، الناشر: دار الكتب العلمية، ( بيروت: 1997م)

23 - ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين (ت: 711هـ/١٣١١م)،لسان العرب، دار صادر( بيروت: 1414هـ/١٩٩٣م)

24- ابن واصل، محمد بن سالم بن نصرالله بن: 697هـ/١٢٩٧م) ، مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق: جمال الدين الشيال، دار الكتب والوثائق القومية،( القاهرة: 1957).

25- اليافعي، أبو محمد عفيف الدين عبد الله بن أسعد بن علي بن سليمان (ت: 768هـ/ ١٣٦٦م) ، مرآة الجنان وعبرة اليقظان، دار الكتب العلمية( بيروت: 1997م).

26- ياقوت الحموى، شـــهاب الدين أبو عبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي (ت: 626هـ/ ١٢٢٩م)، معجم البلدان، دار صادر، بيروت:1995

**٣- ژێدەرە عەرەبییەکان**

27- اســـمـاعيـل، فرســـت مرعى ، الامـارات الكرديـة فى العصــــر العباسي،وزارەت التربيە، ( اربيل: ٢٠٠٥).
28- بادى، اسماعيل بادى، رحلة ناصر خسرو عبر مناطق الكردية، مطبعة دهۆك( دهۆك: 2010ز)
29- بۆلاديان، ارشـــاك ، الاكراد فى حقبة الخلافة العباســـية ( ترجمة: الكسندر,دار فارابى، بيروت، 2009ز
30- التكريتى، محمود ياســين احمد ، الامارة المروانية، رســالة مقدمة الى كلية الاداب، جامعة بغداد، بغداد 1970م
31- حسن، محمد ، الاقطاع فى الدولة العباسية ( بغداد، 2010م)
32- أ.شاميلوف، حول مسالة الاقطاع بين الكرد، ترجمة: كمال مظهر احمد، مطبعة الحوادث، طبعة الثانية، ( بغداد: 1984م)
33- شابرا، محمد عمر شابرا، الحضارة الاسلامية، المؤسسة الاسلامية، ( بيروت: 2008م)
34- طاهر، عبد الجليل، البدو والعشـــائر فى البلاد العربية، جامع الدولة عربية ( قاهرة : 1954ز)
35- طرخـان، ابراهيم على ، النظم الاقطـاعيـة، طبعـة اهـداءة( القـاهرة: 2001م
٣٦- عبدالله اوجلان، حول الاقتصاد، الناشر: طابعة شلير،( قامشلو: 2018م)
٧- عزت، فائزة محمد، الحياة الاجتماعية للكورد، مطبعة الحاج الهاشـــم،( اربيل: 2009ز)
٣٨- لوليتزر، جورج لوليتزر واخرون، اصول الفلسفة الماركسية، مشورات المكتبة العصرية، الطبعة الثانية، ( بيروت: ب.ت)
٣٩- ليندزى، جميس، العالم الاسلامية فى العصور الوسطى، ترجمة: ناصر حجيلان، مطبعة هيئة ابو ظبى، ( ابو ظبى: 2012)
٤٠- محمد، اكو برهان محمد، كوردستان دراسة في النظم التجارية والمالية من القرن (4-7الهجرية/ ١٠-١٣)الميلادية، اتروحة تقدم: مجلس كلية الاجتماعية- جامعة كوية، 2007ز
41- محمد، على محمد، عصر دولة الزنكية،( قاهرة:2007 ز)
42- محمود ، احمد عبدالعزيز، الامارة الهذبانية الكردية، المطبعة : وزارة التربية ( اربيل:2002م)
43- مصـــطفى، مســعود احمد، اقاليم الدول الاســـلامية بين اللا الســياسـية والادارية، مطبعة هيئة مكتب الاسكندرية، ( ميصر: 1990م)
44- ماركس، كارل ماركس، الايديولوجية المانية ترجمة: جورج ترابليشى، دار الدمشق،( بيروت : 1966ز)
45- ماركس، ماركس واخرون، المادية التاريخية ، دار فارابى( بيروت: 1975م)
46- مؤنس، حسين، الحضارة، ( كويت: 1978م).
- مكيافيلى، نيقولا مكيافيلى، الامير لمكيافيلى، مترجم: اكرم مؤمن( قاهرة: 2004ز)
47- النقشـــبندى، حســـام الدبن على غالب، الكرد فى لرســـتان الصـــغرى وشهرزور،مؤسسة: ژين ( سليمانى:2011ز)
48- وردى، على وردى، طبيعة المجتمع العراقى(د.م: د.ت).
49- يوسف، عبدالرقيب ، الدوله الدوستكيه، دار اراس،( اربيل 2001ز).

گۆڤار و بلاوکراوەکان

**أ- بە زمانی عەرەبی**

50- حســن، بدران بن حســن ،" مفهوم الحضـــارة"، مجله انپروپۆلۆجيا، مج7، عدد(2)جامعة قطر ٢٠٢١م.
51- عبدالرزاق، صـهيب حازم عبدالرزاق، الوزراء فى العصـر العباسـى، مجلة ابحاث كلية تربية الاثاثية، جامعة الموصل، مج10، عدد(1). 2010م.
٥٢- عبدة ،عباس كريم ، نيضـــام الوزارة فى العصـــر العباســـى ، العلوم الانسانية، جامعة بابل، مج (20) ،عدد(2)، 2012م.
53 - مرعى، عمـاد كـامل، دور الاكراد فى حمـايـة المســـليمين فى بلاد القفقاس، مجلة جامعة كركوك لدراســة الانســانية، مج(7)، عدد3، 2012ز،
54- هادى، رياض عزيز، مفهوم الدولة عند ونشـــوئها ابن خلدون، مجلة علوم السياسية جامعة بغداد، (د. ت)، عدد( 73)
55- يونس، ســوســـن بهجت، مهام الوزير الايدارية مســؤلياته، مجلة اداب،جامعه بغداد ، عدد ( 133)، ٢٠٢٠م.

ب- بە زمانی کوردی

٥6- محمد، ئاکۆ برهان، میرنشینی مەروانی، گۆڤاری مێژوو، ژمارە (8) پایزی 2008ز،


**پەراوێزەکان**

(1)هەرچەندە ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەک بێهێزە بە هۆی ئەوەی تەنیا حوزنی موکریانی ئاماژەی بە فەرمانڕەوایەتی ( حوســـێنی بەرزیکانی ) کردووە ئەویش ئاماژەی بە هیچ ســـەرچاوەیەک نەکردووە بۆیە ڕاســـتییەکەی ئەومیە چەکەرە کردنی فەرمـانـرەوایەتـی لای بەرزیکانیەکان دوای ونداد و غانم بووە لە سەردەمی ( حسنویهی کوری حســـينی بەرزیکانی) بروانە: ســـەرجەمی بەرهەمەکانی، ب1، ل138؛ حســـام الدين على نەقشـــەبەندی ، شـــارەزوور و لوڕستانی باکوور،ل224.

(1) قەلای ( دزبز) قەلایەکە لە شـــاری شـــاپور خواســـت لە هەرێمی ئازەربێجان لە نێوان ولایەتی خوزســـتان و ئەصـــفهان ســـەر بە دەســـەلاتی میر بەدرەوە بوو : بروانە: یـاقوت الحموي، معجم البلدان، ج3،ص167.

(1) قەڵای ســـمیرم یەکێکە لە قەڵایەکانی هەرێمی ئازەربێجان پێشـــتر ( ابراهیم دیســـم کوردی) ئەم قەلایەی ئـاوەدانکردەوە ، دواتر ڕەوادیەکان کردیانە بنکەو بارەگای خۆیان. بروانە : مســـکویە، تجارب الامم، ج6،ص169.

(1) دیارە ئەم شارە لە کوێستانەکانی میافارقین بووە شـارێکی گەشـتیاری بووە لە هەر لە وەرزی بەهـارانەوە میر چۆتە ئەوێ لە وەرزی زســـتانان گەڕاوەتەوە، هەربۆیەش تەماشـــا دەکەین دوای ئەو شارەکە ئاوەدانی کەمبۆتەوە .بروانە: فارقی، مێژووی میافاریقین وئامەد ، ل40.

## العامل الاقتصادي وتأثيره على نظام الحكم

**الملخص:**

ظهر تأثير العامل الاقتصادي على السلطة وموطنها بعد ان زاد التمدن وأزدهرت فيها الاوضاع الاقتصادية للقبائل المتمدنة، والتى بدأت بتأسيس نظام الحكم وبناء القلاع ولمدن ولاسوار من اجل حمايتها من الهجمات الخارجية. هذا البحث بعنوان ( العامل الاقتصـادي وتأثيره على نظام الحكم) الامارات الكردية فى العصـر العباسـي نموذجا، وتم تحليله وفق نظرية ابن خلدون. يتكون البحث من مبحثين، فى المبحث. الاول: تحدثنا عن ثلاث نقاط وهى أولا: نشوء منصب ( الامير) بين روؤسـاء القبائل كأولى محطات الحكم. ثانيا: تأسـيس ( الوزير) من اجل تحسـين معيشـة الموظفين وادارة بعض الالشـؤن الادارية من بينما جمع الضـرائب. ثالثا: تعين منصـب( القضـاء ) والتى كانت احدى الوظائف المتخصـصـة باسـترداد حقوق المواطنين ومنع اعتداء المواطنين على حقوق بعضـهم البعض والقيام بتأدية الامور. فى المبحث الثاني تحدثنا عن مكان حكم الامراء كلقلاع والتي كانت رمزا لتحسـين الامور السـياسـية والاقتصــادية فى حكمهم. ثانيا: المدن والتى كانت مرحلة مهمة لنقل الكورد من البادية الى المدن وظهور رغبة الاعمار والازدهار من قبل الامراء وكذلك بناء القصور الملكية.

**مفاتيح البحث:** السلطة ، التمدن ، مرتبة الحكم، مكانة الحكم.

## The economic factor and its effect of the authority system

**Abstract:**

The appearance of the economic factor on the authority and citizens after the increase of civilization and welfare of economic situation of the domesticated tribal which started to establish system of authority and build castles, walls and cities for protecting itself from the outside attacks and assaults. This research entitled “the economic factor and its effect of the authority system”, the Kurdish emirates during the Abbasid era as an example. Which is analyzed per Ebn Khaldon theory. The research consists of two sections, in the first section we spoke about three points, which are, first the appearance the rank of Amir between the tribal leaders as the earliest stages of authority. Second the establishment of the rank of Minister to improve the administration and citizen life situation and other administration related work like collecting taxes. Third the establishment of the Judge rank which was one of the socialized positions to retrieve people rights and prohibit people to assault each other’s rights, and to do religious and social affairs. In the second section, we spoke about the place of Amir ruling, including the castles which was a symbol to improved political and economic situation. Also, the cities which was an important stage for the movement of Kurds from Urban to cities, and the appearance of the desire construction and prosperity specially by the Amirs and also building royal mansions.

**Keywords**: Authority, Urbanization, ranks of authority, place of authority.